# سلێمانی

# بازاڕێکی

# شێواو

# ئیدارەیەکی



# بێخەم

ئاسۆ

لەمێژە هاولاٚتیان گازندەو دادو بێدادیانە لەدەست بازارو لەمێژیشە رەخنە لە بەرپرسانی ئیدارەی شار دەگرن و داوا دەکەن کەچیتر نەهێلن بازار خەلٚکانی هەلپەرست بەئارەزووی خۆیان یاری بە بازار بکەن کەلەکاتی بۆنەکاندا وەك جەژنەکان شتومەك لەبازار بە 2 قات بەرامبەر گران دەبێتو بازار ئەم هەلە ئەقۆزێتەوە بێئەوەی ئیدارەی شار لێپرسینەوە بکات هەر کەسەو بەمیزاجی خۆی شتومەك لەنێو بازاردا گران دەکەن ئایا کڕینی شتومەك لەبازاردا بەنرخێکی گونجاوە ؟

هاولاٚتی (محەمەد کەریم) کە فەرمانبەرە ووتی: کاکە گونجاوی چیە هەر کەسە بەئارەزووی خۆی کاردەکات, جاران هەتا دۆلار بەرز بووایە شت گران دەکرا ئێستاش تا دۆلار دابەزێت شت گران دەبێت ئێمە نازانین چ دووعایەك بکەین دۆلار بەرز بێت یان نزم بێت کەبە کەسێکیش دەلٚێیت شت بۆ گرانە دەلێ کاکە بازاڕی ئازادە توخوا من لەحکومەتی هەرێم دەپرسم بازاڕی ئازاد ئەوەیە کە دۆلار بەنۆ هەزار بوو پاص 1 دینار و چا 1دینار بوو ئێستاش دۆلار بەهەزار دینار کرێ پاس و چا هەر بەدینارێکە خەتاکە لە حکومەتە خەلٚکیش دەزانێ حکومەت قسەناکات ئیتر بەئارەزووی خۆیان شت گران دەکەن (کاك عەلی) کە کاسبێکە لەنێو بازاڕدا کەلێم پرسی بەرای تۆ بۆچی شت لەنێو بازاڕدا گرانە پێکەنی و ووتی کاکە کێ گوێ لەرۆژنامە دەگرێ شت بۆ خۆی گرانە من ئەمڕۆ چووم بۆ چێشتخانە کەنانم خوارد کەپارەم دا (750) دینار بوو خاوەنی چێشتخانەکە ووتی کاکە (750) ناکات بە (1000) دینارە پێم ووت بۆ ووتی بۆیە تۆش ئەلێی بۆ شت گرانە منیش ئەلێم بۆیە.

مامۆستایەك کە ووتی ناوم مەنوسە پێی ووتم کاکە باشت گران بێت قەیناکا بەلاٚم لەهەمووی ناخۆشتر تووڕە بوونی دووکاندارەکانە تۆ بچۆ لەو دووکاندارانە بپرسە بلێ کە کەسێك ئەلێت بۆ شت گرانە بۆ پانتۆلێك بە 120 دینارە یەکسەر دەلێ کاکە کە نای کڕی مەوەستە یان دەلێ 119 دینار بۆمنی بێنە یانی نیودینار خێرناکات لەراستیدا واش نیە ئەوە باسی پاصەکان هەر مەکە کە هەر بەدینارێکە مڕومۆچی سایەقەکان بۆنالێی لەماوەی پێشوودا لەناو پاسێکدا بووم دەچووم بۆ قوتابخانە کاکی شۆفێر تەسجیلەکەی ئاخر دەنگ دابوویە خۆیشی لەگەلٚیا ئەیوت, پێم ووت دابەزین هەیە بڕوات هەبێت زۆر دووری خستمەوە پێم ووت کاکە من دەمێکە هاوار دەکەم ووتی کاکە گوێم

لێت نەبوو خۆتۆ کچ نیت بەنازەوە ئەڵێی دابەزین هەیە باوەڕ بکە ئەوەندە بێ ئسولْ بوو ووتم کاکە بۆ وا لەو خەڵکە ئەکەن ووتی بەهەوەس ئەو خەڵکانە بە هەوەس ئیش ئەکەن زۆر ئەترسم تۆش بچیتە لای کاربەدەستێك و پێی بڵێی بۆ شت گرانە بۆ ئێوە بێدەنگن لەبازار ئەویش بڵێت بە هەوەس.

دادو بێدادی خەڵك بەدەست تەکسیەکانەوە

چنور سەعید کە کچێکی فەرمانبەرە ووتی: وەڵڵای نازانم حکومەت بۆ قسە ناکات سایەقی تەکسیەکان لە کاربەدەستەکانمان دەچن، چۆن کاربەدەستەکان هەموو شتێك بەئارەزووی خۆیان دەکەن گوێ بۆ خەڵك ناگرن ئاوهاش سایەق تەکسیەکانمان گوێ بۆکەس ناگرن کە دەست لە تەکسیەك رادەگری تا ئەتگەیەنێتەماڵەوە دنیایەك بۆڵە ئەکات کاکە نایەمە ئەم کۆڵانە بم زانیایە ئەم کۆڵانەیە نەئەهاتم شۆفێری وا هەیە تا ئەو گەیەنێتە ماڵەوە دەجار چاوت لێ دادەگرێت دەیان قسەی ناشرین دەکات دەڵێت لەگەڵم وەرە بۆماڵەوە پارەت ئەدەمێ یان یەکسەر داوای علاقەت لێدەکات.

رۆژێك لەگەڵ شۆفێری تەکسیەك لەڕێگای ماڵەوە پێی ووتم کچی باش بۆ شووم پێناکەی زۆریشیان یان خۆیان هەڵدەکێشن دەڵێن با پارەکەت عایدی من من بێت یان داوای 2هەزار دەکەن هەڵبەتە خەڵکی باشیش زۆرە رێزم بۆ زۆربەی خاوەن تەکسییەکان هەیە ماوەتەوە بڵێین کە بازاڕی سلێمانی بەشێوەیەك شێواوە کە دەبێت کاربەدەستانی شار ئاوڕی لێبدەنەوە و ڕێگە لەو خەڵکە هەلپەرستانە بگرن و سنورێك بۆ بازار دابنرێ تاکەی بە خۆڕایی گیرفانی هاولاتیان بەتالان بەرێت هەڵبەتە کەم وکوڕی و نیگەرانی لەهەموو جێگەیەك هەیە بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەشاری سلێمانی خەڵك بەتەواوی تەنگی پێهەڵچنراوە دەبێت ئیدارەی سلێمانی بپرسێت بۆچی کرێی خانوو 6 وەرەقەیە بۆ چێشتخانەکان خواردن گران دەکەن ئایا چ هۆکارێك بۆ گرانی جلوبەرگ لەبازاردا هەیە حکومەت گومرگ وەردەگرێت ئەگەر لە دوکاندارێك بپرسیت بۆچی شت وا بەگران دەفرۆشیت دەڵێت کاکە هەموو بازار شت بەگران دەفرۆشن خەڵك هەمووی پرسیار دەکات کێ دەبێت وەلامی ئەم (بۆیە) بداتەوە ئیدارەی شارە ئەگەر نەڵێن بەهەوەس.